# ئەڤ. چـحالــه..؟!

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

ئەمڕۆکە لەمەڕ پێشکەوتن و گۆڕانی خێرای تێکنۆلۆژیاوە، دەوترێت: گۆڕانەکان هێندە خێران کە نوێ زوو کۆن دەبێت! ئێمەیش بە هەندێک باسی لاوەکیی و دروست کراوەوە!، وایان سەرقاڵ کردووین کە بابەتە سەرەکییەکانمان لەبیر بچێتەوە( یانیش لەبیرمان بەرنەوە!). ئەرێ گەلۆ؛ ئەو کەژاوە ڕازاوەیەی ـ کە تەنیا خۆمان ـ ناوی فیدراڵیمان لێنابوو،هەر بەرێگەوەیە؟! بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟! لە کاتێکدا کە سەرکۆمار و جێگرێکی سەرۆکوەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی و هتد .. کوردن، کەچی وەک مەزنە دەکرێت، ئێمە بە دەم زیکری ( حی فیدراڵ....) ەوە لە بازنەی ( العیراق الموحد..) دا دەخولێینەوە!. ئەرێ کەسێک لە ژێر هەراو زەنای عارەبە ناحەزەکاندا، کە بە دەووری خۆیاندا ( هەلهۆلە..!) دەکێشن و لە تراونسی ( الموحد.. الموحد..) دان، گوێی لە بانگهێشتە و ئاوازی ( کۆماری فیدرڵی عێراق) ە..؟!! ئەی کوا ئەو ئالای فیدراڵەی کە دەبوا و دەبێت، دروشمی کوردی تێدا بێت؟!! مەگەر گەورەترین سووکایەتی نییە بۆ کورد، کە لەژێر ئالای ئەنفاڵ و سەدامدا بێت و منداڵانی کورد، نەوەی داهاتوومان کە سەدام ناسناکەن، لەبەردەمیدا سەلام بەکەن و بەرێزەوە لە هەوای کوردستاندا هەڵیبکەن؟! ئەی کوا ئەو پاسپۆرتەی کە دەبێت بە کوردیش تێیدا بنووسرێت؟!! ئەی کوا ئەو دراوەی کە دەبێت نیشانەی کوردی تێدا بێت و لێیشی بنووسرێت؟!! زۆر جێی سەرسووڕمان و ڕامانە کە هەمیشەش دەوترێت( الشعب العراقیه!!) واتە گەلی عێراق!! لە باتی گەلانی عێراق. کەناڵە کوردییەکانیش هەمان قەوانی ( عێراقچێتی!) لێدەدەنەوە. نەکا خۆشەویستی ئەهواڕ و سەحرای عارەبیی وەکو(عەرعەر) مان لە بیر بچێتەوە. کە لاشەی هەزاران منداڵ و ژن و پیاوی ئەنفاڵ کراوی تێدا خراوەتە چاڵ! ئەرێ کام کەناڵی عارەبی عێراقی الموحد!! ستران و سروود و فیلمی کوردی پەخش دەکات و بە هاووڵاتیانی عارەبیان ئاشنا دەکات؟!! هەڤالنۆ، ئەڤ، چحالە..؟! ساڵانێک ڕۆشنبیرانی عارەب دەیان فەرموو: کورد جنۆکەن! پاشان هەندێکیان وتیان : نابابە. کوردەکان لە ئافغانستانەوە هاتوون! نهاکیش لە ناو زیکری ( حی الموحد..) دا سیاسەتمەدارانی عارەبی وەکو د.حیدر القزاز!! کە سەر بە ( ڕێکخراوی ماڵی عێراقی یەکگرتوو)* ە! دەفەرموێت: کوردەکان لە چیاکانەوە دابەزیوونەتە پانتایی وڵاتی عێراق! لێرەکانە میوانن. نابێت هێندە خۆیان بە خاوەنماڵ بزانن و داوای مافی نەتەوەیی بکەن. بە فەرمایشتی ئەم سیاسەتمەداری سەدەی بیست و یەکەمە،دەبێت کورد وەکو کوێری خێر پێ کراو هەر دەست بگرێتەوە، ئیدی چیان پێدرا، دەبێت رازی بن!. بە قسەی هەندێک یاساناس گەلێک پاشقوڵ لە سیاسەتمەدارانی کورد گیراوە! یانیش سەرۆکایەتی کورد نەیان تووانیووە بە پێی بەرژەوەندی گرنگی نەتەوەیی، داواکارییە ڕەواکانی کورد بچەسپێنن! کە گرنگترینیان چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵییە لە عێراقدا! بۆ نموونە؛ نەدەبووا نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆ پاش هەڵبژاردن و دەستووری عێراق، دوابخرایە! ئایا ئەمریکا ناڕازی بووە؟! وڵاتە عارەبییەکان، بە خیانەتی

نەتەوەیی دەزانن کە عێراق فیدراڵ بێت؟! پاڵەپەستۆی وڵاتانی دراوسێی وەکو تورکیا، ئێران و سووریا لەسەر سیاسەتی ئەمریکا؟! بێشک ئەو وڵاتانە بە هەموو شتێکی ئەمریکا( ئەوروپا!) و یانیش یەکتر ڕازی دەبن، بەو مەرجەی کورد بە هیچ، یانیش ـ هیچی وا..!! ـ نەگات، کە بۆ داهاتوو ببێتە بنەمای کیانێکی سیاسی و نەتەوەیی کورد .خۆ دەبێژن؛ لە بەرژەوەندی لە سەدا سەدی ئیسرائیلە، ئەگەر کیانێکی سیاسی لەو ناوچەیەدا بۆ کورد هەبێت. واتە کورد قورساییەکی لە سەر سیاسەتی ناوچە هەبێت!. باس لە یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە،گەندەڵییەکان، پاکسازی و چاکسازی..!! هێندە کراوە و دەکرێت کە ئیدی هێدی هێدی توورت بووە. بۆتە بنێشتەخۆشە و جووینی لاشەویلگەی بنووسانی تووشی دەرد و ئازار کردووە!.لێ بە وتەی بەڕێز بەرهەم سالح؛ دەستەڵاتی ناوەندی عێراق دەیەوێت ( بنکەکانی ئەمن و ئیستیخباراتی عێراق!!) هەتا بنەبانی عێراق، واتە لە هەموو گوند و شار و شارۆچکەکانی شیمالی عێراق دابمەزرێن و بکەونەوە کار! هێی! ئەی دەزگای زانیاری و ئاسایشی کورد کاریان چییە؟! ببنە ڕێکخراوێکی ئەمن و ئیستیخباراتی ناوەندی؟! یانیش هەموو پێکەوە لە کۆنترۆڵ کردنی گەلدا بن؟! ئەمە بێجگە لە تەراتێنکردنی(میت) ی تورکیا و ( ئیتلاعات) ی ئێران و ( ئیسلامیست) ەکانی دوور دەست!! گوزەرانەکە وەها بڕوات، ژمارەی ئەمن و ئیستیغبارات و ئیتلاعات ومیت، ئاساییش و دەستگای زانیاری، لە ژمارەی خەڵکە ئاساییەکە زۆرتر دەبێت!! لێ بەڕاستی ئەڤ، چحالە؟! ئەگەر ئەم کردەوەیە بۆ گێرەشێوێنی نییە؟! وەزیری عارەبی، نەوتی وڵاتی کوردستان، چوار قات نەوت زیاد دەکات؟!! هەتا ڕەش و ڕووت و کەم دەرامەتانی کوردستان بکەونە بەر گورز و قۆناغی تفەنگی ئەو کۆنە پێشمەرگانەی کە نهاکە ئاسیش و زانیارین؟! هەتا دەستەڵاتی کوردی لە ناو خۆیدا تووشی کێشە و گێرەشێوێنی ببێت! هەتا خەڵک لە بێزاری و بێهیوایدا، پاڵ بە ڕێکخرا و پارتە ئیسلامییەکانەوە بدەن؟! هەتا ماڵباتی شەهیدان، لە بریتی هاوکاریی شەهیدانە، ئیسلامیانە لە پارتە ئیسلامییەکان وەربگرن؟! کەمتەرخەمییەکە هێندە زەق و دیارە کە جەنابی ( جۆرج بوش) یش زۆری بۆ دێت گلەیینامەیەک بۆ بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود بنێرێت**. ئایا هەمان پرسیارلە خۆمان و سەرکردەکانمان بکەینەوە: ئیستراتیژی جیهانی بەرژەوەندی لە کێشەی ڕەوا و مافی کورددا نابینرێت؟! هەل و مەرجی کیانی سیاسی و نەتەوەیی کورد( هیچ نەبێت لە بەشی عێراقدا!) نەڕەخساوە؟! ئایا ئەگەر کورد، داوای دەوڵەت و جیابوونەوەی بکردبایە، ئەوا عارەبەکان شەڕی ئەوەیان نەدەکرد کە نەخێر نابێت و دەبێت بە فیدراڵی ڕازی بین؟!! ئایا ناحەزانی کورد لە هەوڵی شێواندنی باری ئاسایی کوردستاندا نین و پلانی گڵاویان لە دژی دەستکەوتاکانی کورد نییە..؟! ئەگەری ئەوە نییە، جارێکی دیش کۆنە بەعسی و جاش و گەلفرۆشەکان، ببنەوە بە هەڵقە لە گوێی دەستەڵاتە عارەبییەکەی ناوەند..؟! بە ئەمن و ئیستیغبارات بەسەر کوردەوە..؟!!

لێمخابن؛ گەلی عارەب بۆ 15 سەدە لەبەو بەر و بەهۆی لەشکری ئیسلامەوە، خوارووی عێراق داگیر دەکەن و دەیکەنە عارەبستان، تورکە مەغۆلە کۆچەرییەکانی ( بەرخی

ڕەش و بەرخی سپی ) بۆ 11 سەدە دێن و دەستەڵاتی عوسمانی و پاشان کۆماری ڕەگەزپەرستی تورک دادەمەزرێنن و ئینکاری کوردی دەکەن.*** نهاکەیش تورکمانی ( نیوە کورد) هەڕەشەی دامەزراندنی تورکمانستان دەکەن و ئاشوورییەکانیش دەبێژن: ئێمە نارازین کورد لەسەر خاکی ئاشوورستان، دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت! کەچی کوردی ڕەسەنی نێشتمانی کوردستان، هێشتاکە لە دووی سەرابی مافی بە مرۆڤ ناسیندایە! بەشەرمەوە داوا لە داگیرکەران دەکەین، کە ئێمەیش وەکو هاونیشتمانی قبوڵ بفەرموون... گەلۆ، ئەڤ، چـحـالـە..؟؟!

(*) بنواڕە، بڕوخێ عێراق دوور لە کوردستان- هیوا بەکر. 22ـ 12.کوردستان نێت.
(**) بنواڕە، نامەکەی دووەمی جۆرج بوش بۆ سەرانی کورد ـ ئاسۆ بیارەیی.22ـ 12کوردستان نێت.
(***) پاش سێ چوار هەفتەی هاتنە سەرکاری ( الجەعفەری) وتارێکم لە مەڕ سیاسەتە نەرم و کردارە کەمتەرخەم و خوێنساردییەکەی، لە ژێر ناوی ( ڕاستی وەکو گوڵە ژاڵە، ڕەنگی جوانە وتامی تاڵە) دا نووسی. کە زۆر خۆشبەختانە، بە سێ چوار مانگ پاش پێشبینییەکانی من!، ئەوجا سەرانی کورد لێی کەوتنە گلەیی و تەقە و زانیان چ بابەتێکە!!